پێویستیی پێداچوونەوە و زیاد کردنی تەمەنی هاوسەرگیریی منداڵان لە یاساکانی ئێراندا

نووسەر: کامیل ئەحمەدی[1]

پوختە

هاوسەرگیری یەکێک لە ناوەندە گرنگە کۆمەڵایەتییەکانە کە دەورێکی هەستیاری لە هەموو ڕەهەندەکانی ژیانی مرۆڤدا هەیە. هەبوونی ئامادەییەکی تەواو لە ڕووی جەستەیی و دەروونی و کۆمەڵایەتییەوە بۆ هاوسەرگیری زەروورییە. هەر بۆیە لە یاساکانی زۆرێک لە وڵاتانی جیهاندا، لانیکەمی تەمەنییان بۆ هاوسەرگیری ڕەچاو کردووە. بە گوێرەی ناوەڕۆکی کۆنوانسیۆنەکانی مافەکانی منداڵ و مافەکانی مرۆڤ لانیکەمی تەمەنی پەسندکراو بۆ هاوسەرگیری 18 ساڵانە کە لە زۆرینەی وڵاتاندا پەسندکراوی جیهانییە. ئەگەر لانیکەم یەکێک لە هاوسەرەکان ژێر ئەم تەمەنە بێ، ئەوە دیاردەی هاوسەرگیریی پێشوەختە یان منداڵهاوسەری ڕووی داوە. وڵاتی ئێران یەکێک لە وڵاتانی ئەندامی کۆنوانسیۆنی مافەکانی منداڵە بەڵام مەرجی لانیکەمی تەمەن ڕەچاو ناکا و بە گوێرەی یاسا فەرمییەکانی وڵات، لانیکەمی تەمەنی هاوسەرگیریی 13 ساڵ بۆ کچان – بە مەسلەحەتی دادگا ژێر 13 ساڵ – و بۆ کوڕان 15 ساڵە. پەرەسەندنی منداڵهاوسەری لە ئێران میراتی ئەم یاسا ناتەواوەیە. پەرەسەندنی تەڵاق و منداڵبێوەیی، خەمۆکی و خۆکوژی، ڕاکردن، لەشفرۆشی، ئالووده بوودن بە مادەی هۆشبەر، بەشخوراوییە ئابووریی و کۆمەڵایەتییەکان، بە ژنانە بوونی هەژاری و پەرەسەندنی سەرپێچی کۆمەڵایەتی لە دەرهاویشتەکانی هاوسەرگیریی پێشوەختەیە. بە ئاوڕدانەوە لە ئاسەوار و لێکەوتەکانی هاوسەرگیریی پێشوەختە و بە پێی هەلومەرجی ئابووریی و کۆمەڵایەتی وڵات و هەروەها نەبوونی باڵقبوونی هزری و کۆمەڵایەتی منداڵان، هاوسەرگیری لەم تەمەنەدا هەڵەیە. سەرەڕای داخوازی پەیتا پەیتای کۆمەڵگەی مەدەنی و چالاکڤانانی کۆمەڵایەتی، گرفتی هاوسەرگیریی پێشوەختە لە لایەن دەوڵەتەوە سڕ کراوە و هەنگاوێکی کاریگەر بە مەبەستی بەرەنگاربوونەوەی نەهاوێژراوە. پشتیوانی یاسایی لە دیاردەی منداڵهاوسەری لە گرنگترین هۆکارەکانی هاوسەرگیریی پێشوەختە لە ئێرانە. کاتێک نۆرمە کەلتوورییە و نەریتییەکان لە پشتیوانی یاسایی و دادیی سوودمەند دەبن، ئەوە زیاتر دەبن و هەر لەبەر ئەوەش بەرەنگاربوونەوەی زۆر ئەستەم دەبێت. کەواتە پێویستە پێداچوونەوەیەک بە یاسا مەدەنی و یاساییەکانی پەیوەست بە هاوسەرگیریی ژێر تەمەنی 18 ساڵ بکرێتەوە و بە مەبەستی بەرەنگاربوونەوەی ڕێکاری گونجاوی یاسایی و کەلتووریی بخرێتە ڕوو.

وشە کلیلییەکان:

هاوسەرگیریی پێشوەختە، یاسای مەدەنی، تەمەنی هاوسەرگیری، مافەکانی منداڵ

---

[1]- خەڵکناس و لێکۆڵەر
kameel14@hotmail.com
http://kameelahmady.com

پێشەکی

هاوسەرگیری لە هەموو کۆمەڵگاکاندا گرنگترین عورف و نەریتی باوە کە بە هۆی ئەوەی لە دابینکردنی پێکهاتە و ژێربنەمای پێکهێنانی بنەماڵە و هەروەها پەرەپێدانی نەوە دەوری سەرەکی دەبینێ، وەک گرنگترین و بنیاتیترین جۆری پەیوەندیی ناسێنراوە (مظاهری و انصاری نژاد، 1388). هاوسەرگیری، گرێبەستێکی پیرۆزە کە لە ناو هەموو ئێتنیک و نەتەوەکان و لە هەموو زەمەن و شوێنەکاندا بوونی هەبووە. هاوسەرگیری پرۆسەیەکە کە لە ژێر کاریگەری بارودۆخ و داب و نەریتی یاسایی، شەرعی و عورفی بەڕێوە دەچێ و لە لایەن شەرع، یاسا و ڕێکخراوە کۆمەڵایەتییەکانەوە پەسند کراوە (سیار و همکاران، 1391). هاوسەرگیری لە حاڵەتێکدا بۆ سیستەمێکی کۆمەڵایەتی ئەنجامی ئەرێنی دەبێ کە لە کاتێکی شیاو و لەگەڵ کەسێکی شیاو ئەنجام بدرێ؛ واتە ئەگەر ژن و مێردەکان لە تەمەنی گونجاوی هاوسەرگیریدا نەبن و بۆ پێکهێنانی ژیان لە ڕووی هزرییەوە باڵق نەبن، بێگومان توانای هەڵبژاردنی کەسێکی شیاویان نابێ و ئەنجامەکەشی خەسارەتە تاکایەتییەکانە کە بەرۆکی ئەم کەسانە دەگرێ و هەم کاریگەرییە کۆمەڵایەتییەکانی کە بە هۆی ئەم هاوسەرگیرییەیە کۆمەڵگا گیرۆدە دەکا کە لە نەخۆشی جەستەیی و دەروونییەوە و نارەزایەتی لە ژیانی ژن و مێردییەوە بگرە تا دەگاتە ڕێژەی کەمی بەشداری کۆمەڵایەتی و بە کۆمەڵایەتی بوونی ناتەواو لە بنەماڵە کە هەر ئەمە خۆی دەبێتە هۆی دەرکەوتنی گرفتی تاکایەتی و کۆمەڵایەتی زۆر. بەم پێیە تەمەنی هاوسەرگیری وەک یەکێک لە پێوەرە گرنگەکان بۆ بەراورد کردنی ئاستی تەندروستی و لەشساغیی جەستەیی و دەروونی تاکەکانی کۆمەڵگایەک لە قەڵەم دەدرێت (مرادی و صفاریان، 1391). لە ڕوانگەی کۆمەڵناسییەوە ئارامی و ئاسایش لە کۆمەڵگایەکدا، ئەنجامی هاوسەرگیریی تەندروست و لە کاتی خۆی و کەشی ئارامبەخشی ناو بنەماڵەیە. لەو ڕووەوەی کە هاوسەرگیری هۆکاری دەرکەوتنی بنەماڵەیە بەڵام هاوسەرگیریی پێشوەختەی منداڵان یان منداڵهاوسەری دەبێتە هۆی دەرکەوتنی کێشەگەلێک لە سەرهەڵدان و بێچمگرتنی بنەماڵە نوێکان و هەروەها کەسەکە خۆی (ابراهیمی و فخرایی، 1394). لە دایکبوون، هاوسەرگیری و مەرگ سێ ڕووداوی گرنگی ژیانی مرۆڤەکانن. لە نێوان ئەم ڕووداوانە تاکە وتەزا هاوسەرگیریی هەڵبژاردەییە. هاوسەرگیری لە درێژایی مێژوودا بەشێک لە مافی یاسایی تاکەکان بووە کەچی زۆرێک لە کچان و کوڕان لە پرۆسەی هاوسەرگیریدا لە مافی هەڵبژاردن سوودمەند نین و ناچار دەبن کە لە تەمەنی کەمدا هاوسەرگیری بکەن. ئەگەرچی ئەوان لەوانەیە لە ئاهەنگی هاوسەرگیریدا ڕەزامەندیی خۆیان دەربڕن بەڵام بە هۆی تەمەنی کەمەوە بە شێوەی کردەیی تێگەیشتنێکی دروستیان لە هاوسەرگیری نییە و ڕەزامەندیی ئەوان بە هۆی بارودۆخی ژینگەکەیانە (کرد زنگنه، 1390).

لە ڕوانگەی زۆرێک لە کارناسان، منداڵهاوسەری یان هاوسەرگیریی پێشوەختە کاریگەری لە سەر ژیانی منداڵان دادەنێ و بە لێکەوتەگەلی خەساربەخشی تەندروستی ئاڵۆزتری دەکا و هەموو ئاستەکانی پێشکەوتن، گەشە و سەرتری تاکایەتی دەخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە. لە هەندێ لە وڵاتانی ڕوو لە پێشکەوتن، هاوسەرگیریی پێشوەختە وەک ئامرازێکی ئابووریی سەیر دەکرێ کە دەتوانێ بارودۆخی ئابووریی بنەماڵە باشتر بکا، دەتوانێ پەیوەندییە بنەماڵەییەکان پتەو بکا و دەستەبەرییەک بۆ پاکیزەیی کچان بەر لە هاوسەرگیری بێ کە خواستە سێکسییەکانیان کنترۆڵ دەکا و دەتوانێ ڕێگری لە گەیشتنی کچان بە تەمەنێک بکا کە وەک هاوسەر سەرنجڕاکێشی سێکسییان کەم ببێتەوە (المو، 1386). لە لایەکی دیکەشەوە کێشە ئاڵۆزەکانی پەیوەست بە دووگیانی و زکپڕی لە گرنگترین هۆکارەکانی مەرگی کچان لە نێوان تەمەنی 15 بۆ 19 ساڵانە (سندووقی حەشیمەتی ڕێکخراوی نەتەوەکان، 1391). هاوسەرگیریی پێشوەختە یان منداڵهاوسەری، بە هەر چەشنە هاوسەرگیرییەک دەوترێ کە لە خوار تەمەنی 18 ساڵان بێت (یوونیسێف، 1380). بە گوێرەی ناوەڕۆکی کۆنوانسیۆنی مافەکانی منداڵ[1]، منداڵ بە کەسێک دەوترێ کە تەمەنی نێوان ساتەوەختی لە دایکبوونەوە هەتا 18 ساڵان بێت. بەڵام لە هەندێ لە وڵاتاندا ئەم تەمەنە بە هۆی یاسا تایبەتەکانی ئەم وڵاتە بگۆڕە. سندووقی حەشیمەتی ڕێکخراوی نەتەوەکان[2] هەر چەشنە هاوسەرگیرییەکی ژێر تەمەن 18 ساڵ بەر لەوەی کچ لە سۆنگەی جەستەیی و دەروونییەوە ئامادەی قبووڵکردنی ئەرکەکانی ژن و مێردی و منداڵداریی بێ، پێی دەڵێ هاوسەرگیریی منداڵان. بە پێی پێناسەی ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی[3] تافی منداڵی هەتا تەمەنی 15 ساڵانە. هەر بەم پێیە هاوسەرگیری لە حاڵەتێکدا کە منداڵ لە خوار ئەم تەمەنەدایە، هاوسەرگیریی پێشوەختەی منداڵان ڕووی داوە؛ هاوسەرگیرییەک کە لە لایەن باوک یان باپیرەوە سەری گرتبێ و تێیدا سەرنج بە لانیکەمی تەمەنی یاسایی هاوسەرگیری نەدراوە. (ئەحمەدی، 1395).

منداڵهاوسەری لە نۆڕمە نەریتی و باوەکانەوە هەڵقوڵاوە و لە ناوچە شارییەکان و زیاتر لە ناوچە گوندییەکاندا باوە. منداڵهاوسەری بە درێژایی مێژوو دیاردەیەکی تازە دەرکەوتوو نییە و هەر ئێستاش سەرنجی گشتی، بۆ وێنە بنەماڵەکان و هەروەها توێژەران، گرووپەکانی بەرگری لە مافەکانی منداڵ، ڕێکخراوە نادەوڵەتییەکان و زۆرێک لە ڕێکخراوە نێونەتەوەییەکانی بەرەو لای خۆی ڕاکێشاوە. بێگومان سەرمایەگوزاری کۆمەڵایەتی لە سەر کچان، پەرەدان بە سەرمایە کۆمەڵایەتی و ئابووریییەکانیان و دەستەبەری دەستپێڕاگەیشتنیان بە خزمەتگوزاری پەروەردەیی و تەندروستی هێمایەکی ڕوونە لە یەکسانی ڕەگەزێتی کە ئەمە دەبێتە هۆی

---

[1] - **Convention of Rights of the Child**
[2] - **UNFPA**
[3]- **WHO**

پێشکەوتنی کۆمەڵگا بەهێزترەکان. بە پێی لێکۆڵینەوە ئەنجام دراوەکان، خوێندن زیاتر وەک فاکتەرێک بۆ ڕێگری لە هاوسەرگیریی پێشوەختە ڕەچاو دەکرێت (یونیسێف، 1383). ژنانی خوێندەوار زۆر جار تەندروستترن و لە بوارەکانی بازاڕدا چالاکترن، داهاتێکی زێدەتر دەست دەخەن، خاوەن منداڵی کەمترن و لە چاو ئەو ژنانەی کە نەخوێندەوارن یان ئاستی خوێندنیان نزمترە، خزمەتگوزاری پەروەردەیی و تەندروستیی شیاوتر بۆ ڕۆڵەکانی خۆیان دابین دەکەن (کلاگمن و هەکاران، 1393).

دیاردەی منداڵ‌هاوسەری بابەتێکی جیهانییە؛ بەڵام ئامار و ڕێژەکانی، هەم لە ناو سنوورەکانی وڵاتێکدا و هەمیش لە ناو کۆمەڵگا جۆراوجۆرەکاندا، بگۆڕە. سەرەڕای ئەمە لە سۆنگەی ئاماڕە ڕێژەییەکانەوە، زیاترین ڕێژەی منداڵ‌هاوسەری لە ناوچە گوندییەکانی ئەفریقای باکووری و باشووری ئاسیا ڕوو دەدات (یوونیسێف، 1392). بە هۆی پشتیوانی و سەرنجی جیهانیی بۆ ئەم دیاردە، ئاستی هاوسەرگیریی پێشوەختە بە شێوەی گشتی ڕووی لە دابەزین کردووە، ئەگەرچی ڕێژەیەکی بەرچاوی منداڵان هێشتا لە خوار تەمەنی یاسایی کۆمەڵگای خۆیان هاوسەرگیری دەکەن. نموونەیەکی ڕوون و زەقی ئەم دیاردە، کۆمەڵگای ئێرانە. لە ڕووانگەی سێکسی و مافەکانی مرۆڤەوە کردەوەی هاوسەرگیریی پێشوەختە لێکەوتەی ئاشکرای سەرکوتی سێکسی و ئاکاری ڕووخێنەری نەریتییە کە دەبێتە هۆی بەردەوامبوونی نایەکسانییە ڕەگەزێتییەکان و سەرکوتکردنی زێدەتر. لە هۆکارە سەرەکییەکانی پرسی ئاڵۆزی هاوسەرگیریی پێشوەختە لە جیهانی ڕوو لە پێشکەوتن دەتوانین ئاماژە بکەین بە هەڵکشانی ئاستی هەژاری، نەبوونی زانست و خوێندن و ملکەجی بۆ زەرووڕەتەکانی کەلتووری پیاوسالارانە و ئەو باوەڕانەی کە بە هەڵە پێیان وایە ناچارکردنی کچان بە هاوسەرگیریی نەخوازراو و پێشوەختە هۆکاری پشتیوانی و پاراستنی ئەوانە. بەداخەوە بە هۆی بوونی لێکەوتەی جەستەیی و هەڵاواردن لە دژی ئافرەتانی کەمتەمەن، هەندێ هەنگاو بۆ کۆتاییهێنان بە کردەوەی هاوسەرگیریی پێشوەختەی منداڵان لە ئێران هاوێژراوە. بە پشتبەستن بە پێکهاتەی ئاینی زاڵ بە سەر وڵاتی ئێران، باڵقبوون و دەستپێکردنی یەکەم سووڕی مانگانە وەک دەستپێکی تێپەڕین لە تافی منداڵییەوە بۆ هەڕەتی گەورەسااڵی ڕەچاو دەکرێت. گەیشتن بەم سەرەتا فیزیایی و بایۆلۆژیکییە بە واتای شیاوبوونی کەسەکە بۆ هاوسەرگیرییە بێ گوێدانە تەمەنی ڕاستەقینەی کچە. ئەگەرچی هاوسەرگیریی پێشوەختە کچان و کوڕانی منداڵ دەگرێتەوە، بەڵام ڕاستیی تاڵی کۆمەڵگا، ئەوە دەردەخا کە لێکەوتە و کاریگەرییەکانی دیاردەی منداڵ‌هاوسەری بۆ سەر کچۆڵەکان جیدیتر و مەترسیدارترە. بە داخەوە بە هۆی نەبوونی لێکۆڵینەوەی سەربەخۆ و بایەخداری ئەوتۆی تایبەت بە منداڵ‌هاوسەری لە ئێران، زانیاری لەم بارەوە کەمە. ئاماری فەرمی و دەوڵەتی کۆماری ئیسلامی ئێران گوزارشتە لەوەی کە ساڵانە بە دەیان هەزار کچ و کوڕی ژێر تەمەنی 18

ساڵان لە لایەن بنەماڵەکانیانەوە ناچار بە هاوسەرگیری دەکرێن. ڕێژەی ڕاستەقینەی ئەم منداڵانە لە حەقیقەتدا زۆر زیاتر لەم ئامارانەیە. هەندێک لە بنەماڵەکان لە ئێران هاوسەرگیری لە تەمەنی کەمدا تۆمار ناکەن و بە شێوەی نافەرمی تۆماری دەکەن. لە ئێران بە پێی ئامار لە ساڵی 1385ـی هەتاوی هەتا نیوەی یەکەمی ساڵی 1394ـی هەتاوی ڕێژەی 890 هەزار کچی ژێر تەمەن 18 ساڵ هاوسەرگیرییان کردووە کە لەم نێوەندەدا کچانێکیش هەبوون کە لە کاتی هاوسەرگیرییاندا تەمەنیان ژێر تەمەنی 10 ساڵان بوو. هەروەها لە 9 مانگی یەکەمی ساڵی 1395ـی هەتاوی 29 هەزار و 710 کچی خوار تەمەن 18 ساڵان هاوسەرگیریان کردووە. ئەم چەشنە هاوسەرگیرییە لە ناو بنەماڵە ئێرانییەکاندا بە هۆی هەژاری و هۆگری دایک و باوک بۆ کۆنترۆڵی پەیوەندیی سێکسیی کچەکانیان بووە (ئەحمەدی، 1395).

بە هۆی گرنگیی هاوسەرگیری و دەورەکەی لە کۆمەڵگا، لە یاساکانی زۆرێک لە وڵاتانی جیهان لانیکەمی تەمەنی بۆ ڕەچاو کراوە. بە گوێرەی پێناسەی ڕێکخراوی جیهانیی تەندروستی و کۆنوانسیۆنی مافەکانی مرۆڤ و مافەکانی منداڵ، هاوسەرگیری ژێر تەمەنی 18 ساڵ وەک هاوسەرگیری منداڵان پێناسە کراوە. هەر بەم پێیە و بە پێی کۆنوانسیۆنی مافەکانی منداڵ و ڕێکخراوی جیهانیی تەندروستی، لەم لێکۆڵینەوەدا لە ڕوانگەی یاساکانی ئێران و بە پێی ئەنجامە وەدەستهاتووە مەیدانییەکان سەبارەت بە ڕێژەی پەرەسەندنی هاوسەرگیری و تەڵاقی منداڵان لە ئێران هەوڵ دەدەین وڵامی ئەم پرسیارە بدەینەوە کە بۆچی پێداچوونەوە و زیادکردنی تەمەنی هاوسەرگیریی منداڵان لە یاساکانی ئێراندا پێویست و گرنگە.

گوتاری یەکەم: هۆکارە کاریگەرەکانی سەر منداڵهاوسەری و ئاسەوارەکانی

لە ماوەی دەیەی ڕابردوودا کۆمەڵێ لێکۆڵینەوەی سەرنجڕاکێش لە مەڕ هاوسەرگیریی منداڵان ئەنجام دراوە کە هەوڵیان داوە لەم دیاردە تێبگەن و بەرەنگاری ببنەوە و هەندێ لە هۆکارە کاریگەرەکانی و هەروەها لێکەوتەکانی شی بکەنەوە (کلاگمن و هەمکاران، 1393). دیاردەی منداڵهاوسەری لە ناو ئەو لێکۆڵینەوانەی کە لە مەڕ پێشێلکردنی مافەکانی ژنان ئەنجام دراوە – بۆ وێنەی توێژینەوەی پێشووی نووسەر[1] - لە لایەن

1- بە ناوی نەریت: توێژینەوەیەکی گشتگیر سەبارەت بە خەتەنەی ژنان لە ئێران (چاپخانەی شیرازە: 1395)، توێژینەوەی پێشووی نووسەر بووە. ناوبراو لەم توێژینەوەدا نەو فاکتەرە کۆمەڵایەتی و ناینییانەی تاوتوێ کردووە کە بۆتە هۆی خەتەنەی ژنان و پێشێل کردنی مافە ڕەگەزییەکانی نەوان و لەو بۆچوونەدایە کە کە خەتەنەی کچان یەکێک لەو فاکتەرانەیە کە دەبێتە هۆی هاوسەرگیریی پێشوەختە. ڕاپۆرتی توێژینەوە لە ماڵپەڕی تایبەتی نووسەر بوونی هەیە: http://kameelahmady.com

هەروەها کتێبی بە ناوی نەریت بە زمانی ئینگلیزیش چاپ کراوە:

کۆمەڵناسان و خەڵکناسان و توێژەرانەوە سەرنجی پێ دراوە. توێژینەوەکان ئەوە دەخەنە ڕوو کە نۆرمە کۆمەڵایەتی و کەلتوورییەکان بۆ وێنە نۆرمەکانی پەیوەست بە ئاین، کاریگەری لە سەر ئەو تەمەنە دادەنێ کە چاوەڕوانی هاوسەرگیری لە کچان دەکرێت. هەروەها، بارودۆخی کۆمەڵایەتی، ئابووریی، ئاستی خوێندەواری و زەمینەی کۆمەڵایەتی کاریگەری لە سەر ئەگەری هاوسەرگیری پێشوەختەی کچێک دادەنن. سەبارەت بەو داڕشتەی کە کچان بۆ خۆیان بڕیاری هاوسەرگیری بدەن، هیچ زانیارییەک لە بەر دەستدا نییە. زۆر توێژەر تێکۆشاون کە چالاکانە ئیش لە سەر پرسی هاوسەرە کەمتەمەنەکان بکەن، سەرەڕای ئەمە وەک یوونیسێف، لە ڕاپۆرتی "هاوسەرگیریی پێشوەختە، هاوسەرە منداڵەکان"[1] لە ساڵی 1380ـی هەتاوی خستییە ڕوو، هێشتا هاوسەرگیریی منداڵان وەک کێشەیەکی گشتگیر بەردەوامە (یوونیسێف، 1380). لێکۆڵینەوەکان ئەوە دەردەخەن ئەو باوەڕە ئاینییانەی کە هاوسەرگیریی منداڵان بە ڕێگەپێدراو دەزانن کاتێک کە دەبنە یاسای فەرمی وڵات ئەم پرسە نوێ دەکەنەوە. لە شەڕ و تێکهەڵچوونەکاندا لە سەر ئاستی ئێتنیکی و عەشیرەییەوە بگرە هەتا نەتەوەیی و نێودەوڵەتی هاوسەرگیری وەک ڕێگەیەک لە دەرچوون لە بارودۆخ بە زەینی مرۆڤ دەگا و تەنیا شتێک کە پشتگوێ دەخرێ تەمەنی یاسایی و باڵقبوونی زەینیی منداڵانە. ئاستی خوێندەواری نزم و وازهێنان لە خوێندن لەو فاکتەرانەن کە نە تەنیا هۆکاری هاوسەرگیریی منداڵانن بەڵکوو دەبنە هۆی وازهێنان لە خوێندنی منداڵهاوسەران. بنەماڵەی لێکترازاو و بشێو یەکێکی تر لەو فاکتەرانەن کە دەبنە هۆی هاوسەرگیریی پێشوەختەی منداڵان. گرفتە ئابووریەکان و هەژاری هەمیشە لەو فاکتەرە هەرەگرنگانە بوون کە وەک بازرگانی ئابووریی سەیری هاوسەرگیرییان کردووە. هەژاری دەبێتە هۆی ئەوەی هەندێ لە بنەماڵەکان کچەکانی خۆیان لە تەمەنی کەمدا بدەن بە کەسانێک کە زۆر جار لە خۆیان بەتەمەنترن. بەم پێیە دەتوانین بڵێین منداڵهاوسەری لە ژێر کاریگەری نۆرمە کەلتوورییەکان، هەلومەرجی کۆمەڵایەتی و فاکتەرە ئابووریەکاندایە.

هاوسەرگیریی پێشوەختەی منداڵان ئاسایش، پێشکەوتن و تەندروستیی سۆزداریی منداڵان دەخاتە مەترسییەوە. هاوسەرگیریی پێشوەختە فەرمانی کۆتایی هاتنی کتوپڕ بە تافی منداڵی دەدا و بەوەی کە ڕێگری لە گەشەی فیزیۆلۆژیی و جەستەیی پێویست بۆ ئامادەیی زەینیی و جەستەیی و هزریی ئەو منداڵانە دەکا و ناهێڵێ ببنە هاوسەرانێکی باڵق، دایک و باوکانێکی ئاگادار و بە گشتی هاوڵاتیانێکی ئەکتیڤ، بەو پەڕی

Ahmady,K(2016). In the Name of Tradition: Female Genital Mutilation in Iran. Uncut voices publishing https://www.amazon.com/Name-Tradition-Female-Genital Mutilation

[1] Early Marriage, Child Spouses-

بێبەزییەوە بەرەو دنیای گەورەسااڵن پاڵیان پێوە دەنێت. هاوسەرگیری لە تەمەنی منداڵیدا دژی پرۆسەی سروشتی ئەم گەشە کردنەیە. ئەم کچە کەمتەمنانە نە منداڵن و نە گەورە کچ. چوونکە وەک گەورە کچێک دەنوێنن بەاڵم هێشتا لە ڕووی توانای بڕیاردان و سەربەخۆیی دەروونییەوە ناتەواون. هاوسەرگیریی منداڵان شوناسی ئەوان دەڕووشێنێ و بە هەڵە ناویان دەنێ گەورەسااڵ. ژیانی ئەوان بە بێ دنیای گەورەکان نووقسانە، دنیایەک کە ئەوان چیتر نە کچۆڵەن و نە ژن. پێدانی ڕۆڵی گەورەسااڵ بە منداڵان، منداڵهاوسەری لە نەوەکانی ئێستا و داهاتوودا کۆمەڵێ گۆڕانکاری لێ دەکەوێتەوە. بۆ وێنە دووگیان بوونی پەیتا پەیتا، سنووردارببوونی دەستگەیشتن بە خوێندن، هەاڵواردن و غەدر لە سەر بنەمای ڕەگەزێتی کاریگەری لە سەر هزری گرووپیی دادەنێ و دەگوازرێتەوە بۆ نەوەی دوایی. دووگیانبوونی نەخوازراو کچان بەرەو ئاستی باڵای ئیسترێسی جەستەیی و ڕۆحی هان دەدا، چوونکە لەش و زەینیان ئامادەی دووگیانبوون نییە. هاوسەرگیریی منداڵان دەروازەیەکە بۆ زاوزێی مەترسیدار و بێژومار. کچ بۆ سەڵماندنی توانای دووگیانبوون و زک و زا بە خزم و کەس، هاوسەر و کۆمەڵگا زەختێکی زۆر دەکرێتە سەری، تەنانەت بەر لەوەی ئەو کچە لە ڕووی تەواوکردنی گەشەی سێکسی و جەستەییەوە بەتوانا بێ و تەنانەت بەر لەوەی بۆ دووگیانبوون و قبوواڵکردنی بەرپرسایەتی ژیانێکی نوێ لە ڕووی عەقڵی، دەروونی و سۆزدارییەوە باڵق بێت. دووگیانبوونی پەیتا پەیتا و پێشوەختە دەتوانێ بریندی هەمیشەیی و تێکدەری تەندروستی و مانەوەی دایک و منداڵ لە پاش خۆی بە جێ بێڵێت. (ئەحمەدی، 1395). لە وڵاتانێکی وەکوو ئێران کە بڕەوی ئەم دیاردە زۆر بەرچاوە، بە هۆکارگەلی جۆراوجۆری کەلتووریی و کۆمەاڵیەتی و ئاینییەوە کپ کراوە و لە الیەن بەرپرسانی دەوڵەتی لێکدانەوەی جیدی لە سەر ناکرێت. لە گوتاری دواییدا ڕێژەی پەرەسەندنی هاوسەرگیری و تەاڵقی منداڵان تاوتوێ دەکەین. ئەنجامە مەیدانییەکان پێشانی داوە کە ڕێژەی هاوسەرگیریی منداڵان لە ئێران ڕووی لە دابەزینە بەاڵم ڕێژەی ئەم چەشنە هاوسەرگیرییە زۆر و فرەوانە و لە الیەکی دیکەشەوە گرفت و خەسارەتی تەاڵقی منداڵانیش ڕووی لە زیادبوونە.


گوتاری دووهەم: ڕێژەی پەرەسەندنی هاوسەرگیریی و تەاڵقی منداڵان

ئەنجامەکانی توێژینەوەی پێشووی نووسەر لە ژێر ناوی زایەڵەی بێدەنگی، (توێژینەوەیەکی گشتگیر سەبارەت بە هاوسەرگیریی پێشوەختە لە ئێران)[1] پێشانی داوە کە هاوسەرگیری و تەاڵقی منداڵان لە سەر ئاستی هەوت


1- ئەحمەدی، کامیل (1395). زایەڵەی بێدەنگی: توێژینەوەیەکی گشتگیر سەبارەت بە هاوسەرگیریی پێش وەختەی منداڵان لە ئێران، تاران: چاپخانەی شیرازە. ئەم کتێبە بە زمانی ئینگلیزیش چاپ کراوە:
Ahmady, K(2017). An Echo of Silence: A Comprehensive Research Study on Early Child Marriage in Iran. Novapublishing. www.novapublishers.com/catalog/product_info.php?products_id=62825

پارێزگا: ١. خۆراسان ڕەزەوی، 2. ئازەربایجانی ڕۆژهەڵات، 3. خووزستان، 4. سیستان و بەلووچستان، 5. ئازەربایجانی ڕۆژاوا، 6. هورمزگان و 7. ئیسفەهان. زیاترین فرەیی لە خۆ گرتووە. نووسەر لە توێژینەوەی زایەڵەی بێدەنگی بۆچییەتی هاوسەرگیریی پێشوەختەی منداڵانی تاوتوێ کردووە. بە پێی داتاکانی ئەم توێژینەوە ڕێژەی پەرەسەندنی هاوسەرگیری و تەڵاقی پێشوەختەی منداڵان بەم شێوەی ژێرەوەیە.

1. پارێزگای خۆراسان ڕەزەوی
2.




چارتی 1. ڕێژەی تەڵاقی ژێر تەمەنی 18 ساڵان لە دەیەی ڕابردوو




چارتی ژمارە 2. ڕێژەی هاوسەرگیری ژێر تەمەنی 18 ساڵان لە دەیەی ڕابردوو

ڕێژەی هاوسەرگیریی پێشوەختەی منداڵان لە ماوەی دەیەی ڕابردوو لە پارێزگای خۆراسانی ڕەزەوی ئەوە دەردەخا کە پشکی هاوسەرگیریی منداڵان لە کۆی هاوسەرگیرییەکانی ساڵانە، هەمیشە پتر لە 35 لە سەد بووە. چارتەکانی ئەوە پێشان دەدەن کە هاوسەرگیریی منداڵان لەم پارێزگایە لە ماوەی دەیەی ڕابردوودا ڕووی لە کەمبوونەوەیە بەڵام ڕێژەی تەڵاقی منداڵان ڕووی لە هەڵکشانە. هەروەها مامناوەندی هاوسەرگیری و تەڵاقی منداڵانی کچ پتر لە کوڕانە. لە ئێران خۆراسانی ڕەزەوی زیاترین ئاماری هاوسەرگیریی پێشوەختەی منداڵانی لە خۆ گرتووە.

2. ئازەربایجانی ڕۆژهەڵات




چارتی 3. ڕێژەی تەڵاقی ژێر تەمەنی 18 ساڵان لە دەیەی ڕابردوو




چارتی ژمارە 4. ڕێژەی هاوسەرگیری ژێر تەمەنی 18 ساڵان لە دەیەی ڕابردوو

لە دەیەی ڕابردوو پشکی منداڵهاوسەری لە ئازەربایجانی ڕۆژهەڵات هەرگیز کەمتر لە 30 لە سەد لە کۆی هاوسەرگیری لە هەموو تەمەنەکاندا نەبووە. لە ماوەی دەیەی ڕابردوو هاوسەرگیریی منداڵان لە سۆنگەی ڕێژە و فرەوانییەوە ئامارێکی زۆری لە خۆ گرتووە کە لەم ساڵانەی دواییدا ڕووی لە کەمبوونەوە کردووە. وەک چارتی 3 و 4دا پێشان دەدا لەگەڵ داکشانی ڕێژەی منداڵهاوسەری، تەڵاقی منداڵان ڕووی لە هەڵکشانە. ساڵانە ڕێژەیەکی زۆری منداڵبووکەکان و منداڵزاواکان درێژەدان بە ژیانی هاوبەش بە ناومکین دەزانن و هەر لەو تەمەنە کەمەدا تەڵاق وەردەگرن.

3. خوزستان




چارتی 5. ڕێژەی تەڵاقی ژێر تەمەنی 18 ساڵان لە پارێزگا




چارتی ژمارە 6. ڕێژەی هاوسەرگیری ژێر تەمەنی 18 ساڵان لە پارێزگا

هاوسەرگیریی پێشوەختەی منداڵان لە پارێزگای خووزستان، پێشاندەری کەمبوونەوەی هێورانەی ساڵانەیە. ڕێژەی گشتی باوبوونی هاوسەرگیریی منداڵان هەمیشە لە نێوان 30 بۆ 40 لە سەدی کۆی گشتی هاوسەرگیرییەکانی پارێزگا بووە. هاوشێوەی دیکەی پارێزگاکانی دیکە، ڕەوتی منداڵهاوسەری لە خووزستانیش ڕووی لە داکشانە. وەک چارتەکان پێشانی دەدەن بە پێچەوانەی هاوسەرگیریی پێشوەختە کە ڕووی لە دابەزینە، ساڵانە ڕێژەیەکی زۆری منداڵان لە گرووپە تەمەنییەکانی خوار تەمەنی 18 ساڵان تەڵاق وەردەگرن و وەک منداڵبێوە لە قەڵەم دەدرێن. لێرەشدا، دیسان ئەم پرسە ژنان زیاتر لە پیاوان دەکاتە قوربانی.

4. پارێزگای سیستان و بەلووچستان




چارتی 7. ڕێژەی تەڵاقی ژێر تەمەنی 18 ساڵان لە پارێزگای سیستان و بەلووچستان



چارتی ژمارە 8. ڕێژەی هاوسەرگیری ژێر تەمەنی 18 ساڵان لە پارێزگای سیستان و بەلووچستان

هاوسەرگیریی پێشوەختەی منداڵان لە سیستان و بەلووچستان هیچ ساڵێ لە 40 لە سەد کەمتر نەبووە. ئەم چارتە هەڵکشانی منداڵهاوسەری لە ماوەی دەیەی ڕابردوو وەرچەرخانێکی ڕوو بە خوار لە ساڵی 1389ـی هەتاوی هەتا ساڵی 1393ـی هەتاوی پێشان دەدات. ئەم هەڵکشانە هێدییانە و دابەزینە کتوپڕە هەر دوو ڕەگەزەکە لە ساڵی 1390ـی هەتاوی بەم لاوە دەگرێتەوە. ڕێژەی تەڵاق لە پارێزگای سیستان و بەلووچستان بە بەراورد لەگەڵ دیکەی پارێزگاکان، فرەیی و دووپاتبوونەوەیەکی کەمتری پێشان داوە. زەمینە و بەکگراندە ئاینییەکان و بەشخوراوی پارێزگا و هەروەها شێوازی ژیانی عەشیرەیی بۆتە ئەوەی هۆی ئەوەی لەم ناوچەدا ڕێژەی تەڵاق کەمتر پەرە بستێنێت. ئەم ڕێژە لەم ساڵانەی دواییدا بەرزبوونەوەی بە خۆوە بینیوە.

5. پارێزگای ئازەربایجانی ڕۆژاوا



چارتی 9. ڕێژەی تەڵاقی ژێر تەمەنی 18 ساڵان لە پارێزگای ئازەربایجانی ڕۆژاوا چارتی ژمارە 10. ڕێژەی هاوسەرگیری ژێر تەمەنی 18 ساڵان لە پارێزگای ئازەربایجانی ڕۆژاوا

ڕێژەی هاوسەرگیریی پێشوەختەی ژێر تەمەنی 18 ساڵان بە بەراورد لەگەڵ کۆی گشتی هاوسەرگیرییەکانی پارێزگا لە پێوەرێکی دە ساڵەدا هەمیشە لە نێوان 30 بۆ 40 لە سەد بووە. ئەنجامی شیکاری داتاکان ئەوە دەردەخا کە هاوسەرگیری لە ژێر تەمەنی 18 ساڵان لە پارێزگای ئازەربایجانی ڕۆژاوا، بەو جیاوازییە قوولەی کە لە نێوان کچان و کوڕان لە مەودای ئەم دە ساڵەدا هەیەتی ڕووی لە کەمبوونەوە کردووە و ژمارەی ئەو کچانەی کە لە ژێر تەمەنی 18 ساڵان هاوسەرگیری دەکەن زۆر زیاتر لە ڕێژەی کوڕانە.


6. پارێزگای هورمزگان




چارتی 11. ڕێژەی تەڵاقی ژێر تەمەنی 18 ساڵان لە پارێزگای هورمزگان چارتی ژمارە 12. ڕێژەی هاوسەرگیری ژێر تەمەنی 18 ساڵان لە پارێزگای هورمزگان

هاوسەرگیریی منداڵان هەرگیز کەمتر لە 30 لە سەدی کۆی هاوسەرگیرییەکانی پارێزگای هورمزگان نییە. بە گوێرەی چارتەکان و یەکسان لەگەڵ داتا وەدەستهاتووەکانی دیکەی پارێزگاکان، پارێزگای هورمزگانیش ڕەوتی ڕوو لە داکشانی ڕێژەی هاوسەرگیریی پێشوەختەی منداڵان لە خۆ دەگرێت. بەڵام جیاوازییە ڕەگەزییەکان هێشتا زۆرە و زیاترین ڕێژەی منداڵهاوسەری لە ناو کچاندایە. لە بەرامبەردا ڕێژەی تەڵاق لەم پارێزگایە ڕووی لە هەڵکشانە. کچانی خوار تەمەن 18 ساڵان تەڵاق دراون و ئەم ڕەوتە ساڵ لە دوای ساڵ ڕووی لە بەرز بوونەوەیە.

7. پارێزگای ئیسفەهان





چارتی 13. ڕێژەی تەڵاقی ژێر تەمەنی 18 ساڵان لە پارێزگای ئیسفەهان چارتی ژمارە 14. ڕێژەی هاوسەرگیری ژێر تەمەنی 18 ساڵان لە پارێزگای ئیسفەهان

لە پارێزگای ئیسفەهان ڕێژەی منداڵهاوسەری بە شێوەی ساڵانە لە نێوان 20 – 40 لە سەد لە کۆی هاوسەرگیریی گشتی پێک دێنێت. چارتەکان پەرەسەندنی هاوسەرگیریی پێشوەختەی منداڵان لە ماوەی دەیەی ڕابردوو پێشان دەدەن. وەک دەبینن ڕێژەی جیاوازیی بە پێی ڕەگەزێتی بەو مانایەیە کە منداڵهاوسەری لە ناو کچان پتر لە هی کوڕانە. لێکدانەوەکان دابەزینی ڕێژەی هاوسەرگیریی منداڵان لە مەودایەکی دە ساڵەدا پێشان دەدات. لە بەرامبەردا ڕێژەی تەڵاقیش لە پڕسپێکتیڤی دەیەی ڕابردوودا کێشراوەتەوە. دیارە ڕێژەی تەڵاق ساڵانە دەگۆڕێ بەڵام لە سەر ڕەوتێکی نەگۆڕدراو.

بە گوێرەی چارتەکانی سەرەوە دەتوانین بڵێین ڕەوتی هاوسەرگیریی منداڵان ڕووی لە کەمبوونەوەیە بەڵام ئەم بابەتە جێی پرسیارە بۆچی هاوسەرگیریی منداڵان لە ئێران تا ئەم ڕادە باوە. بە پێی بەرزبوونەوەی کەمپەینەکانی زانیاریدان و گەشەسەندنی وشیاریی خەڵک بە هۆی لە دەستپێڕاگەیشتنی ئاسان بە ئەنتەرنێت و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و بەڕێوەبردنی کۆنوانسیۆنە نێودەوڵەتییەکان و مافە مرۆییەکان بۆ بەرەنگاربوونەوەی منداڵهاوسەری و زانیاری بەخشین سەبارەت بە خەسارەتەکانی ئەم کێشە کۆمەڵایەتییەکان، بۆچی دەبێ لە وڵاتی ئێران باوبوونی منداڵهاوسەری تا ئەم ڕادەیە بێت. ئاماری فەرمی و دەوڵەتی ئێران ئەوە پێشان دەدا کە ساڵانە بە دەیان هەزار کچ و کوڕی ژێر تەمەنی 18 ساڵان لە لایەن بنەماڵەکانیانەوە ناچار بە هاوسەرگیری دەکرێن. ڕێژەی ڕاستەقینەی ئەم منداڵانە لە حەقیقەتدا زۆر زیاتر لەم ئامارانەیە. زۆرێک لە بنەماڵەکان لە ئێران هاوسەرگیری لە تەمەنی کەمدا تۆمار ناکەن و بە شێوەی نافەرمی تۆماری دەکەن. لە ئێران بە پێی ئامارەکان لە ساڵی 1385ـی هەتاوی هەتا نیوەی یەکەمی ساڵی 1394ـی هەتاوی ڕێژەی 890 هەزار کچی ژێر تەمەن 18 ساڵ هاوسەرگیریان کردووە کە لەم نێوەندەدا کچانێکیش هەبوون کە لە کاتی هاوسەرگیرییاندا تەمەنیان ژێر تەمەنی 10 ساڵان بووە. هەروەها لە 9 مانگی یەکەمی ساڵی 1395ـی هەتاوی 29 هەزار و 710 کچی خوار تەمەن 18 ساڵان هاوسەرگیرییان کردووە. ئەم چەشنە هاوسەرگیرییە لە بنەماڵە ئێرانییەکاندا لە ئەنجامی ڕەگداکوتانی هەژاری و خواستی دایک و باوکەکان بە مەبەستی کۆنترۆڵ کردنی پەیوەندیی سێکسیی کچەکانیان بەدی هاتووە. ئەنجامەکانی تۆژینەوەی ڕابردوو سەبارەت بە هاوسەرگیریی پێشوەختە لە وڵاتی ئێران ئەوە پێشان دەدا کە هەژاریی، ئاستی نەزمی خوێندەواریی و کەمخوێندەواریی، پشتیوانی یاسایی، زەختە کۆمەڵایەتییەکان و ڕوانگەی پیاوسالارانە و باوەڕە نەریتی و ئایینییەکان لە هۆکارە سەرەکییەکانی بەردەوامبوونی منداڵهاوسەری لە ئێرانە. لێرەدا بابەتی پشتیوانی یاسایی لە منداڵهاوسەری گرنگییەکی تایبەتی هەیە بەتایبەت ئەو کاتەی کە لە لایەن ئاینێکی فەرمییەوە پشتیوانی لێ دەکرێت.

لە گوتاری دوایدا تەمەنی هاوسەرگیری لە ماف و یاساکانی ئێراندا تاوتوێ دەکەین و بە گوێرەی ئەنجامە مەیدانییەکان و ڕێژەی زیانەکانی هاوسەرگیریی پێشوەختە، پێویستیی پێداچوونەوە بە یاساکانی ئێران لە مەڕ تەمەنی هاوسەرگیری شی دەکەینەوە.

گوتاری سێیەم: منداڵ‌هاوسەری، میراتی یاسای نووقسانی تەمەنی هاوسەرگیری

ناوەندی هاوسەرگیری یەکێک لە کۆنترین ناوەندەکان لە کۆمەڵگا جۆراوجۆرە مرۆییەکانە. ئەگەرچی بەیاساکردنی بابەتێکی نوێیە و مێژووەکەی بە پێشینەی ئەم ناوەندە ناگاتەوە. لە ئێستادا بۆ بەیاسایی کردنی ئەم ناوەندە، دەوڵەتەکان بە ڕەچاو کردنی هەلومەرج و بەربەستەکان، هەندێ سنووردارییی بۆ دیاری دەکەن. جارنامەی مافەکانی مرۆڤ پەسندکراوی 1984 لە مادەی 16 دیاری دەکا کە پیاوان و ئافرەتان لە هاوسەرگیری و هەڵوەشاندنەوەیدا خاوەن مافی یەکسانن و هاوسەرانی داهاتوو هەر دووکیان دەبێ بۆ هاوسەرگیری ڕەزامەندییەکی تەواو سەربەستانەیان هەبێت. بڕگەی دووهەمی مادەی 23ـی پەیماننامەی یاسا مەدەنی و سیاسییەکان مافی هاوسەرگیری تایبەت بەو پیاوان و ژنانە دەزانێ کە گەیشتوونەتە تەمەنی هاوسەرگیری. تەمەنی هاوسەرگیری لە ڕاگەیاندننامەی جیهانیی مافەکانی مرۆڤ هەمان تەمەنی باڵقبوونە کە هەم تەمەنی باڵقبوونی یاسایی و هەمیش تەمەنی باڵقبوونی جەستەیی لە خۆ دەگرێت. بە گوێرەی ناوەڕۆکی کۆنوانسیۆنی مافەکانی منداڵان[1]، منداڵ بە کەسێک دەوترێ کە تەمەنی لە نێوان ساتەوەختی لە دایکبوونەوە هەتا تەمەنی 18 ساڵاندا بێت. بەڵام لە هەندێ لە وڵاتان ئەم تەمەنە بە پێی یاسا تایبەتەکانی ئەو وڵاتە بگۆڕە. سندوقی حەشیمەتی ڕێکخراوی نەتەوەکان[2] هاوسەرگیریی منداڵان بە هەر چەشنە هاوسەرگیرییەک دەوترێت کە خوار تەمەنی 18 ساڵ (بەر لەوەی کچ لە سۆنگەی جەستەیی و دەروونییەوە ئامادەیی هەڵگرتنی بەرپرسایەتییە ژن و مێردییەکان و منداڵداری بێت) بێت (ئەحمەدی، 1395). بڕگەی دووهەمی مادەی 16ـی جارنامەی نەهێشتنی هەموو جۆرەکانی هەڵاواردن لە دژی ژنان پەسندکراوی 1979 دیاری دەکا: "دەزگیرانداری و هاوسەرگیریی منداڵ ئاسەواری یاسایی نییە و دەوڵەتەکان دەبێ لانیکەمی تەمەنی هاوسەرگیریی دیاری بکەن و تۆمارکردنی فەرمیی هاوسەرگیری پێویستە". کۆمەیتەی نەهێشتنی هەموو جۆرەکانی هەڵاواردن لە دژی ژنان لە شیکارییە گشتیەکەی لە ژمارە 21ـی خۆیدا لە ژێر ناوی "یەکسانی لە هاوسەرگیری و پەیوەندییە بنەماڵەییەکان" پێشنیاری ئەوە دەکا کە تەمەنی هاوسەرگیری بۆ پیاوان و ژنان 18 ساڵان بێت. بە گوێرەی ئەم پێشنیارنامە گشتییە لە جارنامەی بەرنامەی کاریی قاهیرا کە لە کۆنفرانسی مافەکانی مرۆڤ لە قاهیرا (1993) پەسند کرا و داوا لە دەوڵەتەکان کرا کە چاکسازی لە یاسا و ڕێساکان بکەن و نەریت و شێوازی جیاکارییانە و زیانبەخش بۆ کچۆڵەکان هەڵبووەشێننەوە. بڕگەی 2ـی مادەی 16 و دیکەی مادەکانی گرێدراو بە مافەکانی منداڵ، ڕێگری لە پێشنیار و گرنگیدان بە هاوسەرگیریی کەسانی خوار تەمەنی

[1] - Convention of Rights of the Child
[2] - UNFPA

18 ساڵ لە لایەن دەوڵەتە ئەندامەکان دەکات. لە ساڵی 2010 بە گوێرەی ڕاگەیاندنی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، کۆی 158 وڵات لانیکەمی تەمەنی هاوسەرگیرییان بۆ 18 ساڵ و زیاتر و 29 وڵات ژێر 18 ساڵیان دیاری کردووە. چوار وڵات (عەرەبستان، مالدیۆ، گامبیا و سوودان) لە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی لانیکەمی تەمەنیان دیاری نەکردووە. ئێران لە ناو وڵاتانی جیهاندا پاش گینە (12 ساڵ) کەمترین تەمەنی بۆ کچان واتە 13 ساڵ پەسند کردووە؛ هەڵبەت هاوسەرگیریی کچانی خوار تەمەن 13 ساڵ و کوڕان کەمتر لە 15 ساڵان بە فەرمانی سەرپەرشت و بە مەرجی بەرژەوەندیی منداڵە و بە مۆڵەتی دادگا مومکین دەبێت. لەم بارەوە بارودۆخی ئێران هاوشێوەی ئەو وڵاتانەیە کە لانیکەمی تەمەنی هاوسەرگیرییان دیاری نەکردووە!

لە ساڵی 1313 یاسادارێژی ئێران مادەی 1041 یاسای مەدەنی[1] ئامادە و پەسند کرد کە بە پێی ئەوە لانیکەمی تەمەنی کچان 15 ساڵان و بۆ کوڕان 18 ساڵانی دیاری کردووە. لە مادەی 3 ڕیفۆرمی یاسای پەیوەست بە هاوسەرگیری پەسندکراوی 1316ـش هاتووە: "هەر کەس کە بە پێچەوانەی یاساکانی مادەی 1041 یاسای سزا لەگەڵ کەسێک کە هێشتا لە ڕووی یاساییەوە بە تەمەنی هاوسەرگیریی نەگەیشتووە، هاوسەرگیریی بکا، بە شەش مانگ هەتا دوو ساڵ زیندان سزا دەدرێت. لە حاڵەتێکدا کە ئەگەر کچان نەگەیشتبێتنە تەمەنی 13 ساڵی تەواو، لانیکەم بە دوو ساڵ هەتا سێ ساڵ زیندان سزا دەدرێ و بۆ هەر حاڵەتێک لەوانەیە بەدەر لە سزای زیندان، سزای نەختیشی بە سەردا بسەپێنرێ و ئەگەر بە هۆی هاوسەرگیرییەوە ببێتە هۆی نووقسانبوونی یەکێک لە ئەندامانی لەش یان نەخۆشیی هەمیشەیی ئافرەتەکە، سزای هاوسەرەکە بریتییە لە 5 بۆ 10 ساڵ زیندان و ئەشکەنجە. مارەبڕ و خوازبێن و دیکەی ئەو کەسانەی کە لە تاوانەکەدا دەستیان تێدا بووە ئەوانیش بە هەمان سزا یان سزاگەلێک کە بۆ کەسی دووهەمی تاوان دیاری کراوە، سزا دەدرێن." بە پێی مادەی 23ـی یاسای پشتیوانی لە بنەماڵە[2] لە ساڵی 1353ـی هەتاوی تەمەنی هاوسەرگیری بۆ کچان 18 ساڵ و بۆ کوڕان 20 ساڵان بەرز بوویەوە و شایەتیی دادگا لە ئەگەری بوونی بەرژەوەندی تەنیا بۆ کچان بۆ 15 ساڵ کەم دەبووەوە لە درێژەی مادەدا هاتووە: "ژن یان پیاوێک کە بە پێچەوانەی یاساکانی ئەم مادە، هاوسەرگیری لەگەڵ کەسێک بکا کە هێشتا بە تەمەنی هاوسەرگیری نەگەیشتووە، ئەم کەسە بە پێی سزا دیاریکراوەکانی مادەی 3ـی یاسا پەیوەست بە هاوسەرگیری پەسندکراوی 1316 سزا دەدرێت." لە

1- نیکاحی خانمانی بەر لە گەیشتن بە تەمەنی 15 ساڵی تەواو و نیکاحی کوڕان بەر لە گەیشتن بە تەمەنی 18 ساڵی تەواو قەدەغەیە. هەروەها لەو حاڵەتانەی کە هەندێ بەرژەوەندی لە گۆڕدا بێ، بە پێشنیاری داخوازی گشتی و پەسندکردنی دادگا، لەوانەیە لێخۆشبوونی لە مەرجی تەمەنی لێ بکەوێتەوە. بەڵام لە هەر حاڵەتێکدا ئەم لێخۆشبوونە ناتوانێ بەو خانمانە بدرێ کە تەمەنیان کەمتر لە 13 ساڵی تەواوە و نەو کوڕانە ناگرێتەوە کە تەمەنیان لە 15 ساڵی تەواو کەمترە.

2- هاوسەرگیریی نافرەت بەر لە گەیشتن بە تەمەنی 18 ساڵی تەواو و پیاو بەر لە گەیشتن بە تەمەنی 20 ساڵی تەواو قەدەغەیە. هەروەها، لەو حاڵەتانەی کە هەندێ بەرژەوەندی لە نارادا بێ، نەو نافرەتەی کە تەمەنی لە 15 ساڵی تەواو کەمتر نەبێ و بۆ ژیانی ژن و مێردی توانای جەستەیی و دەروونی هەبێ بە پێشنیاری دادەستێن و پەسندکرانی دادگای شار مومکینە، لێخۆشبوون لە مەرجی تەمەنی پێ دەدرێت.

چاکسازییەکانی ساڵی 1361ـی هەتاوی، یاسای مەدەنی مادەی 1041 لە سەر قەدەغەبوونی هاوسەرگیریی منداڵان دژی شەرع لێکدراوەتەوە و بە مەرجی ڕەچاوکردنی بەرژەوەندی لە لایەن سەرپەرشتی منداڵ، نیکاحی بەر لە باڵقبوون ڕێگە پێدراوە. لە یاسای نوێدا ئیزنی دادگا پێویست نییە. مادەی 3ـی یاسای پەیوەست بە هاوسەرگیری پەسندکراوی 1316ـی هەتاویش بۆ پەسندبوونی مادەی 646 یاسای سزا ئیسلامییەکان پەسندکراوی 1375ـی هەتاوی هەڵوەشێنرایەوە. بە پێی ئەم مادە: "هاوسەرگیری بەر لە باڵقبوون بە بێ ئیزنی سەرپەرشت قەدەغەیە. ئەگەر پیاوێک هاوسەرگیری لەگەڵ کچێکدا بکا کە بە تەمەنی باڵقبوون نەگەیشتبێ و بە پێچەوانەی یاساکانی مادەی 1041ـی یاسای مەدەنی و تێبینی ئەو هاوسەرگیری بکا، لە شەش مانگەوە هەتا دوو ساڵ زیندان حوکم دەدرێت." بۆ مارەبڕ و خوازبێن و حاڵەتەکانی کەمئەندام کردن یان مەرگی بە هۆی هاوسەرگیری بە پێچەوانەی یاساکانی مادەی 1041ـی مادەی مەدەنی دەستەبەری جێبەجێکار پێشبینی نەکراوە. گەڵاڵەی چاکسازی مادەی 1041 یاسای سزادان لە ساڵی 1381ـی هەتاوی ڕادەستی پەرلەمان کرا و لە کۆتاییدا بە گوێرەی گەڵاڵەی پەسندکراوی کۆڕی لێکدانەوەی بەرژەوەندیی حکومەت لە یەکەمی مانگی پووشپەڕی ساڵی 1381ـی هەتاوی ئەم مادە بەم شێوە گۆڕانی بە سەردا هات: "مارەبڕینی کچ بەر لە گەیشتن بە تەمەنی 13 ساڵی تەواوی هەتاویی و کوڕ بەر لە گەیشتن بە تەمەنی 15 ساڵی تەواوی هەتاویی پەیوەستە بە ئیزنی سەرپەرشت بە مەرجی مەسڵەحەتی دادگای شیاو".

وەک وترا لە یاساکانی ئێراندا تەمەنی لانیکەمی تەمەن بۆ هاوسەرگیری کچان 9 بۆ 13 ساڵە. لەم تەمەنەدا ئەگەر ئەم منداڵە وەک قوتابی گریمانە بکەین ئەوە ئەو منداڵە لە پۆلی سێی سەرەتایی – شەشەمی سەرەتایی لە سیستەمی پەروەردەدایە. لەم تەمەنەدا منداڵ یان کچۆڵە دەبێ لە پێگەی دایک، و هاوسەر و بووکدا بێت. ئەم لانیکەمی تەمەنییە بە هۆی هەلومەرجی کۆمەڵایەتی ئەم سەردەمە کە منداڵ لە هیچ چەشنە لێهاتوویی ژیان و باڵقیی هزری و دەروونی سوودمەند نییە ناتوانێ ببێتە بنەمای تەمەنی هاوسەرگیری. تووندوتیژی خێزانیی، دووگیان بوونی پێشوەختە و مەترسییەکانی بۆ سەر تەندروستیی جەستەیی و ڕۆحیی دایک و منداڵ، ئەرکی دایکایەتی کە منداڵ خۆی لەم تەمەنەدا پێویستی بە دایکە، پەرەسەندنی تەڵاق و منداڵبێوەیی، خەمۆکی، خۆکووژی، ڕاکردن، لەشفرۆشی، ئاللوودە بوون بە مادەی هۆشبەر، بەشخوراوی ئابووریی و کۆمەڵایەتییەکان، بە ژنانە بوونی هەژاری و پەرەسەندنی سەرپێچییە کۆمەڵایەتییەکان، هەر هەمووی لە ئەنجام و دەرهاویشتەکانی هاوسەرگیریی پێشوەختە بەتایبەت کچانە. کەواتە ئەم تەمەنە دەبێ گۆڕانی بە سەردا بێ و لانیکەمی تەمەنی هاوسەرگیری بۆ تەمەنی 15 ساڵان زیاد بکرێت. ئەنجامی لێکۆڵینەوە بێژومارەکان ئەوە دەردەخەن کە هاوسەرگیری لە تەمەنی کەمدا نە تەنیا ڕێژەی خەسارەتە تاکایەتییەکان بەڵکوو

کۆمەڵایەتییەکانیش بەرز دەکاتەوە. هۆکارەکانی هاوسەرگیریی پێشوەختە کەلتووریی و کۆمەڵایەتییە. بەڵام گرنگترین هۆکاری پەرەسەندنی ئەم دیاردە، بوونی پشتیوانی یاسایی لە هاوسەرگیریی پێشوەختەیە. هەتا ئەو کاتەی سزای بۆ دیاری نەکرێ و لانیکەمی تەمەنی هاوسەرگیری زیاد نەبێ، هەر چەشنە هەوڵێک بۆ ڕێگری لەم خەسارەتانە بێسوودە.

لە هەندێ لە یاساکانی ئێران بۆ وێنە مادەی 1210 یاسای سزا کە پەیوەستە بە توانای مامەڵەکاران، گەشە و پێگەیشتنی (ڕشید) کەسەکە تاوتوێ دەکات. لەم مادەدا تەمەنی 18 ساڵان وەک تەمەنێک کە کەسەکە لە ڕووی هزری و جەستەییەوە باڵقە بە شێوەی شاراوە دەناسێنێت. بە گوێرەی مادەی 1210ـی یاسای سزا پێگەیشتوو (ڕەشید) بە کەسێک دەوترێ کە دەسەڵاتی بە سەر ماڵ و مافە داراییەکانی خۆی هەبێ واتە ئەم دەسەڵات و خواستەی هەبێ کە سامانی خۆی بگوازێتەوە و لە کردەوەدا ڕەواڵە یاساییەکانی تەمەنی 18 ساڵان وەک تەمەنی گەشە دیاری دەکا ئەم ڕەواڵە لە لایەن نووسینگەی بەڵگە فەرمییەکان، بانکەکان و دامەزراوە دارایەکان بە کار دەهێنرێت. و ئەم تەمەنە بە بنەمای توانای کەسەکە دەزانن. کەواتە سیستەمی یاسایی ئێران لە سەر ئەوەیە کە کەسانێک کە گەیشتوونەتە تەمەنی 18 ساڵانی تەواوی هەتاوی، وەک ڕەشید (پێگەیشتوو) گریمانە بکرێن و ئاکارە یاساییەکانی ئەوان بە شیاو سەیر بکرێت (شکری، 1387). ڕەواڵی یاسایی گشتی بە شێوەی شاراوە وڵات تەمەنی 18 ساڵانی بۆ بە توانابوون ناساندووە، بەڵام توانای کەسەکە بۆ هاوسەرگیری 13 ساڵان دیاری دەکرێت. چۆنە کەسێک کە عەقڵی بژێوی نییە و لە یاسای ئێراندا وەک ناڕەشید و پێنەگەیشتوو دێتە هەژمار تەنیا بە مەرجی باڵقبوونی جەستەیی دەتوانێ هاوسەرگیری بکات. هاوسەرگیری بەدەر لە باڵقبوونی جەستەیی پێویستی بە باڵقبوونی هزریی و دەروونیی و بوونی لانیکەمی مەرجە دارایی و کارەکانیش هەیە و کەسەکە توانای و پێگەیشتوویی و عەقڵی بژێوی هەبێ بۆ ئەوەی ژیانی خێزانیی دابین بکات. بە پێی بارودۆخی کۆمەڵایەتی و ئابووریی وڵات منداڵی 13 ساڵە و 15 ساڵە نە تەنیا ناتوانێ ژیانی بنەماڵەکەی بەڕێوە ببا بەڵکوو بە بێ پشتیوانی دایک و باوک ناتوانێ ئەرکەکانی ژیانی تایبەتی خۆشی ڕابپەڕێنێت. دیارە لە بارودۆخی ئابووریی ئێستای وڵات، بژێوی و دابینکردنی خواستە داراییەکانی بنەماڵە لە توانای منداڵێکی 13 بۆ 15 ساڵە بەدەرە کەواتە پێویستە پێداچوونەوەیەکی وردانە بە یاساکانی هاوسەرگیریدا بکرێت.

لە لایەکی تریشەوە بە پێی کۆنوانسیۆنی مافەکانی منداڵ، هاوسەرگیری خوار تەمەنی 18 ساڵان نایاساییە و ئەو وڵاتانەی کە بوونەتە ئەندامی کۆنوانسیۆنی مافەکانی منداڵ دەبێ لە سەر بەڵێنی خۆیان پابەند بن. دەوڵەتی کۆماری ئیسلامی ئێران لە ڕیزی وڵاتانی ئەندامی کۆنوانسیۆنە. نوێنەری هەمیشەیی دەوڵەتی کۆماری

ئیسلامی ئێران لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ڕێکەوتی 5ـی سێپتێمبەری ساڵی 1990ـی زایینی هاوڕێکەوت لەگەڵ 14ـی خەرمانانی ساڵی 1369ـی کۆچی هەتاوی کۆنوانسیۆنی مافەکانی منداڵی واژۆ کرد. مەجلیسی شۆڕای ئیسلامیش لە ڕەشەمەی ساڵی 1372ـی هەتاوی لە مادەیەکی یەکدەستدا پەسندی کرد و جێبەجێ کردنی ئەم کۆنوانسیۆنە لە ڕێکەوتی 13ـی جۆلای ساڵی 1994 بۆ ئێران بە پێویست کرا. ئێران لە ئاراستەی گەشە و بە جیهانی بوونداهەنگاو دەنێ و بۆ گەیشتن بە گەشەی بەردەوام و وەدەستهێنانی پێگەیەکی باشتر لە ناو دیکەی وڵاتاندا دەبێ پابەندییە نێودەوڵەتییەکانی بباتە بواری جێبەجێکردنەوە. بە پێچەوانەی ئەوەی ئێران لە واژۆکەرانی کۆنوانسیۆنی مافەکانی منداڵە بەڵام لە کردەوەدا جێبەجێی ناکا و ئەمە بۆ ئێران لە پێگەی نێودەوڵەتی، هیمای جۆرێک لەقبوون و نەڕێنیبوونی کۆمەڵایەتییە. بەم پێیە کۆماری ئیسلامی ئێران بۆ دەستخستنی پێگەیەکی کۆمەڵایەتی شیاو لە سەر ئاستی نێودەوڵەتی بە جێبەجێکردنی پەیمانەکانی کۆنوانسیۆنە نێودەوڵەتییەکان وەکوو کۆنوانسیۆنی مافەکانی منداڵ، دەتوانێ لە پێناو گەشە و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی لە سەر ئاستی نێودەوڵەتی هەنگاوی گرنگ بهاوێژێت.

باس و کۆبەندیی

ڕێژەیەکی بەرچاوی منداڵان و مێرمنداڵان لە ئێران خوار تەمەنی 18 ساڵان هاوسەرگیری دەکەن. لە ئێراندا زانیارییەکی کەم سەبارەت بە دیاردەی منداڵهاوسەری لە بەر دەستە. بەو پێیەی کە زۆرێک لە حاڵەتەکانی هاوسەرگیریی منداڵان تۆمار ناکرێن، دیاریکردنی چەندایەتی پەرەسەندنی ئەم دیاردە لە ئێران ئەستەمە. ئەوەی دۆخەکە دژوارتر دەکا ئەوەیە کە لە ناوچە گوندییەکاندا هەندێ جار ڕێکەوتی لە دایکبوونیش تۆمار ناکرێ و ئەمە دیاریکردنی تەمەنی دروستی کەسەکە لە کاتی هاوسەرگیرییەکەیدا ناومکین دەکات. گومانی تێدا نییە کە نەریتی منداڵهاوسەری لە ئێراندا لە سەر ئاستی 31 پارێزگاکە باوە. گرنگە کە ئەوە فەرامۆش نەکەین کە هاوسەرگیریی پێشوەختەی منداڵان دیاردەیەکی تەنیا ئافرەتانە نییە بەڵکوو هاوسەرگیریی کوڕانی کەم تەمەنیش لەو کۆمەڵگایانە دەگرێتەوە کە لە سۆنگەی کۆمەڵایەتییەوە هاوسەرگیریی پێشوەختە قبوولکراو و باوە. لێرەدا سەرنج پرژاندنە سەر لێکدژییەکانی ڕەوتی هاوسەرگیری لە ئێران جێی سەرنجە. ڕەوتی هاوسەرگیری لە ئێران پێوەرێکی دووجەمسەرییە. لایەکی ئەم جەمسەرە، حەشیمەتی گەنج و چالاکە کە هاوسەرگیری بۆ تافی گەورەساڵی دەخاتە دواوە و لە لایەکی تری ئەم جەمسەرە، کوڕان و کچانێکی کەمتەمەن بەدی دەکەین کە ئامانج یان قوربانی منداڵهاوسەرین. بە گوێرەی ئەنجامی توێژینەوە و مەیدانی ڕێژەی منداڵهاوسەری لە ئێران باوە. نووسەر لە توێژینەوەی مەیدانی لە سەر ئاستی هەوت پارێزگا: ١. خۆراسانی ڕەزەوی، 2. ئازەربایجانی ڕۆژهەلات، 3. خووزستان، 4. سیستان و بەلووچستان، 5. ئازەربایجانی ڕۆژاوا،

6. هورمزگان و 7. ئیسفەهان کە زیاترین فرەیی هاوسەرگیری و تەڵاقی پێشوەختەیان بووە، ڕایدەگەیێنێ کە گرنگترین هۆکارەکانی هاوسەرگیریی پێشوەختە لە ئێران هەژاری، ئاستی نەزمی خوێندەواریی و کەمخوێندەواریی، پشتیوانی یاسایی، زەختە کۆمەڵایەتییەکان و ڕوانگەی پیاوسالارانە و باوەڕە نەریتیی و ئاییینەکانە. پشتیوانی یاسایی لە هۆکارە سەرەکییەکانی بەردەوامبوونی منداڵهاوسەری و هاوسەرگیریی پێشوەختە لە ئێرانە. ئەو نەوبووکانەی کە خۆیان هێشتا منداڵن میراتی یاسا ناتەواو و کۆنەکانن کە دەبێ بە جیدییەتەوە پێداچوونەوەیان پێدا بکرێتەوە. هاوسەرگیریی پێشوەختە بۆ هەر دوو ڕەگەزەکە بە کار دەبرێ بەڵام ڕاستییەکانی کۆمەڵگا دەرخەری ئەوەن کە ئەم دیاردە زیاتر بۆ کچان خەسارەتبەخشتر و مەترسیدارترە. لە دەرهاویشتەکانی هاوسەرگیریی پێشوەختە دەتوانین ئاماژە بکەین بە پەرەسەندنی تەڵاق، منداڵبێوەیی، پەروەردە بوونی منداڵانی بێسەرپەشت و بەدسەرپەرشت، دەستدرێژی سێکسی بۆ سەر کچان، بەردەوامبوونی پرۆسەی هەژاری و لەشفرۆشی، هەڵکشانی نەخۆشی جەستەیی و سێکسی و ڕۆحی بۆ کچان. لە کاتێکدا کە یاسا شەرعی و یاساییەکان بە دیاریکردنی لانیکەمی تەمەنی هاوسەرگیری 13 ساڵ بۆ کچان و 15 ساڵان بۆ کوڕان پشتیوانی لە هاوسەرگیریی پێشوەختە دەکەن، دیکەی فاکتەرە کەلتووریی و کۆمەڵایەتییەکان تۆختر دەبنەوە و ئەم دیاردە و خەسارەتە کۆمەڵایەتییە لە کۆمەڵگادا درێژەی دەبێ و هەوڵی ڕێکخراوە نادەوڵەتییەکان و کەمپەینەکانی زانیاریبەخشین و کۆمەیتەکانی مافەکانی مرۆڤ بێ ئەنجام دەبێت. دیارە منداڵان لە تەمەنی نێوان 13 – 15 ساڵە بە هۆی هەلومەرجی ئابووریی و کۆمەڵایەتی کۆمەڵگا بە پێی دیکەی ماددە یاساییەکان بۆ وێنە یاسای 1210ـی یاسای سزا توانا و پێگەیشتوویی (ڕەشید)ـان نییە و لە عەقڵی بژێوی بێبەشن و بە پێی ڕەوالّی یاسایی کە بە شێوەی پەنگراو قبووڵ کراوە تەمەنێکە کە تاک تایبەتمەندیی گەشە و ڕەشیدبوون وەدەست دێنێت. کەواتە بە پێی وەها یاساگەلێک دەتوانین بڵێین کە یاسای لانیکەمی تەمەنی هاوسەرگیریش دەتوانێ گۆڕانی بە سەردا بێت. لە لایەکی تریشەوە ئێران ئەندامی کۆنوانسیۆنی مافەکانی منداڵە. سەرەڕای ئەو هرووژم و پەلامارانەی کە لەم دواییانەدا ئاراستەی کۆماری ئیسلامی و ئیسلامتۆقێنی دەکرێ و لە سەر ئاستی نێودەوڵەتی ڕووی لە پەرەسەندنە، ئێران بە ڕەچاوکردنی مافەکانی مرۆڤ و جێبەجێکردنی پەیمانەکانی کۆنوانسیۆنە نێودەوڵەتییەکان بۆ وێنە مافەکانی منداڵ دەتوانێ پێگەیەکی کۆمەڵایەتی بەرزتر وەدەست بێنێ و لە ئاراستەی گەشەی بەردەوام هەنگاوی کاریگەر بهاوێژێت. بەم پێیە سەرنج خستنە سەر ئاسەواری تاکایەتی و کۆمەڵایەتی هاوسەرگیریی پێشوەختە بەتایبەت بۆ سەر کچان پێشنیار ئەوە دەکرێ کە پێداچوونەوە بە یاسا بنەڕەتییەکاندا بکەن و لانیکەمی تەمەنی هاوسەرگیری بە تایبەت بۆ کچان زیاد بکرێت. هەڵکشانی تەمەنی هاوسەرگیری و گۆڕینی یاساکان لەم بوارەدا تاکە ڕێگەی بەرەنگاربوونەوەی هاوسەرگیریی پێشوەختە نییە بەڵام لە گرنگترین فاکتەرەکانی پێشگری و

بەرەنگاربوونەوەی هاوسەرگیریی پێشوەختەیە. ڕێکارگەلی وەکوو زیادکردنی تەمەنی یاسایی هاوسەرگیری بۆ 18 ساڵان، گۆڕین و چاکسازی یاساکانی سیغە (هاوسەرگیریی کاتی)، بەستێنسازی کەلتووریی و پەروەردەیی، تۆمارکردنی وردی ڕێکەوتی هاوسەرگیرییەکان، جیدیبوونی دەوڵەت و هاوئاهەنگی ڕێکخراوە پەیوەندیدارەکان بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لە دژی منداڵهاوسەری، خوێندنی زۆرەملێ و بێبەرامبەر بەتایبەت لە ناوچە بەشخوراوەکان، هەڵکشانی ئاگاداری لە لێکەوتە و زیانەکانی منداڵهاوسەری لە ڕێگەی ڕاگەیاندنە گشتی و تەکنەلۆژییە نوێکان، پشتیوانی یاسایی لە ڕێگەی دەزگای داد بۆ بە نایاساییکردنی منداڵهاوسەری، دیاریکردنی سزای قورس بۆ ئەنجامدەرانی هاوسەرگیریی پێشوەختە و لە کۆتاییدا سوود وەرگرتن لە کەسایەتییە ئایینییەکان کە گرنگترین فاکتەرەکانی گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی لە ئێران لە پێناو بەرەنگاربوونەوەی هاوسەرگیریی منداڵانن. ئەم هەوڵانەی ڕابردووی فراکسیۆنەکانی ژنانی پەرلەمان بۆ زیادکردنی تەمەنی هاوسەرگیریی کچان بۆ 15 ساڵ و کوڕان بۆ 18 ساڵ لە چوارچێوەی مادەی 1041 سەرەڕای ئەوەی لە پەرلەمان دەنگێکی زۆر وەدەست هێنا، بەڵام لە لایەن کۆمیسیۆنی دادی پەرلەمان ڕەت کرایەوە و سەرەڕای هەوڵ و داخوازیی بێوێنەی نوێنەرانی پەرلەمان و کۆمەڵگای مەدەنی هەتا هەنووکە خستنە گەڕی ئەم گەڵاڵە و گۆڕینی بۆ یاسا / ڕیفۆرمی 1041 بە هیچ کوێ نەگەیشتووە و ئەمە خۆی لە خۆیدا پێشاندەری ئاڵۆزێتی و لە یەکەمایەتیدا نەبوونی داخوازییە ڕەگەزێتیتەوەرەکان و جیاوازبوونی ڕوانگەی نێوان کۆمەڵگا و دەسەڵات بۆ بابەتی منداڵان و تەمەنی منداڵییە.

سەبارەت بە نووسەر

کامیل ئەحمەدی، خەڵکناسی کۆمەڵایەتی و توێژەر، براوەی خەڵاتی «ناموووس» لە زانکۆی یاسای لەندەن لە بنیاتی مافەکانی ژنان **(IKWR)** و براوەی خەڵاتی «ئاشتی» بنیاتی جیهانی ئاشتی بەشی ئەدەبیات و زانستە مرۆییەکان لە زانکۆی **جۆرج واشینگتۆنە**. توێژینەوەکانی کامیل ئەحمەدی سەبارەت بە گەشەی کۆمەڵایەتی و نێودەوڵەتی، ئێتنیکەکان و پرسەکانی پەیوەست بە ڕەگەزێتی (جێندەر) و منداڵان بووە. وتار و توێژینەوەکانی پێشووی ناوبراو بە زمانەکانی ئینگلیزی، تورکی ئەستەنبوڵی، فارسی و کوردی لە ژێر ئەم ناوانە چاپ کراون:

- **ڕوانینێکی دیکە بۆ ڕۆژهەڵات و باشووری ڕۆژهەڵاتی تورکیا** (ڕوانینێکی خەڵکناسانە بۆ داب و نەریتی مزۆپۆتامیا)؛ Etkim press (Istanbul, Turkey 2009)

-**بە ناوی نەریت** (توێژینەوەیەکی گشتگیر سەبارەت بە خەتەنەی ژنان لە ئێران) کە لە لایەن Uncut Voices Press-Frankfurt و وەشانخانەی شیرازە چاپ کراوە؛

- **زایەڵەی بێدەنگی** (توێژینەوەیەکی گشتگیر سەبارەت بە هاوسەرگیری پێشوەختەی منداڵان لە ئێران) بڵاو بۆتەوە لە Nova Science Publisher, Inc., New York 2017؛

- **ماڵێک لە سەر ئاو** (توێژینەوەیەکی گشتگیر سەبارەت بە سیغە / هاوسەرگیری کاتی لە ئێران) کە دەقە فارسییەکەی لە لایەن وەشانخانەی شیرازە بڵاو بۆتەوە و وەشانخانەی مێهری لە لەندەنیش دەقە ئینگلیزییەکەی چاپ کراوە؛

- **ماڵێک بە درگای ئاوەڵاوە** (توێژینەوەیەکی گشتگیر سەبارەت بە هاوسەرگیری سپی لە ئێران) بە ئینگلیزی و فارسی کە وەشانخانەی مێهری لە لەندەن چاپ کراوە؛

- توێژینەوەیەکی دیکە بە ناوی **تاڵانی منداڵی** بۆ ئەنجوومەنی پشتیوانی لە مافەکانی منداڵان ئەنجام درا کە بابەتی زبڵگەڕی منداڵانی لە تاران تاوتوێ کردووە و لە ساڵی 1398ـی هەتاوی ڕوونوێنی کرا؛

- دەقی ئینگلیزی و فارسی دەقی **شاری قەدەغەکراو** (توێژینەوەیەک سەبارەت بە ناهاوسانان لە ئێران) کە هەندێ وتاریشی بە زمانەکانی فارسی و ئینگلیزی لێ دەرکێشراوە و چاپ کراوە و لەم ماوەی دواییدا لە لایەن وەشانخانەی مێهری لە لەندەن چاپ کرا؛

- و توێژینەوەیەکی ناوبراو لە ژێر ناوی لە **سنووڕەوە هەتا سنوور** (توێژینەوەیەکی گشتگیر سەبارەت بە شوناس و ئێتنیکایەتی لە ئێران) کە 5 ئێتنیکی عەرەب، بەلووچ، کورد، فارس و تورکی تاوتوێ کردووە کە هەندێ وتاریشی بە زمانەکانی فارسی و ئینگلیزی لێ دەرکێشراوە و چاپ کراوە و لەم ماوەی دواییدا لە لایەن وەشانخانەی مێهری لە لەندەن چاپ کرا؛

-دواین توێژینەوەکانی نووسەر سەبارەت بە **خەتەنەی پیاوان** و **جۆرەکانی کاری منداڵان لە ئێران** خەریکە چاپ دەکرێت.

توێژینەوەکانی لە ماڵپەڕی خۆیان دەست دەکەوێت: www.kameelahmady.com

سەرچاوە کان:

مظاهری، ع. انصاری نژاد، ف (1388). رابطه سبک های همسر گزینی با کیفیت و پایداری ازدواج، فصلنامه راهبرد فرهنگ، دوره 18، شماره 5، صص 72-55.

سیار، ث. راهب، غ. اقلیما، م(1391). مقایسه کارکرد خانواده در ازدواج های سنتی و مدرن در زنان متاهل شهر تهران، فصلنامه علمی – پژوهشی رفاه اجتماعی، سال دوازدهم، شماره چهل و هفت، صص 295-281.

التجائی، ا، عزیززاده، م(1395). بررسی عوامل اقتصادی و فرهنگی موثر بر سن ازدواج در ایران، فصلنامه جامعه شناسی فرهنگی، سال هفتم، شماره سوم، صص 19-1.

کرد زنگنه، ر(1390). بررسی میزان و عوامل مؤثر بر ازدواج زودرس در ایران، فصلنامه توسعه اجتماعی، دوره ششم، شماره اول، صص 157-178.

مرادی، م. صفاریان، م(1391). عوامل اجتماعی و اقتصادی مرتبط با افزایش سن ازدواج جوانان، فصلنامه مطالعات جامعه شناختی جوانان، سال سوم، شماره هفتم، صص 108-81.

ابراهیمی، ح. فخرایی، س(1394). بررسی عوامل اجتماعی مرتبط با ازدواج زودرس در شهرستان نقده، فصلنامه مطالعات جامعه شناسی، سال ششم، شماره بیست و یکم، صص 110-93.

الهو، ب(1386). ازدواج زودهنگام در اتیوپی: علل و عواقب سلامتی. مرکز بین المللی تحقیق برای زنان.

صندوق جمعیت سازمان ملل(1391). ازدواج زود هنگام: پایان کودک همسری، نیویورک: صندوق جمعیت سازمان ملل. موجود در /www.unfpa.org/sites/default/files/pub-pdf/MarryingTooYoung.pdf :

یونیسف(1383). آموزش. موجود در .https://www.unicef.org/media/media_68116.htm تاریخ دسترسی(1395/10/7).

یونیسف(1380). ازدواج زود هنگام: کودک همسران. موجود در -https://www.unicef irc.org/publications/291 . تاریخ دسترسی(95/10/7)

کلاگمن.جی، هانمر. اسن، تویگ.اس، حسن.جی، مک کلیری سلز و سانتاماریا.جی(1393). صدا و آژانس: توانمند سازی زنان و دختران برای موفقیت عموم. واشنگتن دی سی .

یونیسف(1392). بیانیه مشترک در خصوص پایان خشونت علیه زنان و دختران. موجود در : https://www.unicef.org/media/media_68116.html. تاریخ دسترسی(95/10/8)

ئەحمەدی، ک(1395). طنین سکوت: طنین سکوت: پژوهشی جامع درباب ازدواج زودهنگام کودکان در ایران، تهران: نشر شیرازه.

ئەحمەدی، ک(1394). بنام سنت: پژوهشی جامع در باب ختنه زنان در ایران، تهران: نشر شیرازه

شکری، فریده (1387). بررسی حقوقی سن ازدواج و رشد دختران، مطالعات راهبردي زنان (کتاب زنان)، دوره دهم، شماره 40، صص 156-131.